# ( پایزنامە)

## بۆ: ئازاد سوبحی

*ئازاد یەکێك بوو لە جوانترین و تەنیاترین نووسەرەکانی ئێمە، تەنیاییەك کە کەس بەسەر ئەودا نەیسەپاندبوو، بەڵکو هەڵبژاردنی خۆی بوو. بۆ من زۆر قورسە بە چەند وشەیەك ئەو مرۆڤە خامۆش و هێور و پڕە وەك زەریا بدوێنم و بیلاوێنمەوە، ئەم عەقڵێکی کراوە و دەوڵەمەندی ئێمە بوو، کەچی هیچ فیز و لاف و گەزافێکی نەبوو، ئەم وەك شاعیر و رەخنەگر زمان و دیدگا و جیهانبینی و خوێندنەوەی جیاواز و قووڵی خۆی هەبوو.

دوای ڕاپەڕین بوو کە ئازادم ناسی، سەنگین و کەمدوو، جواںناس، خوێنەرێکی بە سەلیقەی فیکر و ئەدەبی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، یەکەمجار چیرۆکی (تووتیستان) بوو کە وایکرد پتر لە یەکدی نزیك ببینەوە، چونکە دوای بڵاوبوونەوەی، بە ماوەیەکی کەم، لە گۆڤاری ( سەراب )دا نووسینێکی تێر و تەسەلی نووسی کە بۆ من وەك نووسەر تازە بوو، ناچاری کردم کە بکەوینە دەمەتەقێ و دیالۆگ لەسەر هەموو ئەو نهێنیانەی کە ئەم لەو دەقەدا بینیبووی، کە دەتوانم بڵێم شیکار و خوێندنەوەی نائاگاهی من بوو کە پتر لە پێشبینی ترسی دروستبوونی وڵاتێك بوو کە مرۆڤەکانی دەبن بە تووتی وەك هەنووکە و لێرە، نووسینەکەی ئازاد هانی دام سەر لە نوێ چیرۆکەکەم بخوێنمەوە، دیارە ئەوەش لەو دیوە پەنهانەوە هات کە ئازاد سوبحی بینیبووی، بووە مایەی تێڕامانی زۆرتر بۆ من، ئیدی پەڕینەوە بۆ قسەکردن لە ئەفسوونی ئەدەب وەك چەکێك دژی دەبەنگی، ئەدەب وەك تۆماری ئەو مێژووەی مێژوونووسەکان نایبینن یان نایانەوێت بیبینن، داهێنان و هەژاری ئێمە لەو بوارەدا.. دەیەها بابەتی دیکە.

لەوە بە دواوە.. هیچ نوسینێکی ئەوم نەبواردووە، بەڵام ئازاد لە گەوهەرفرۆش دەچوو، هەمیشە وایدەکرد زۆر چاوەڕوان بین تاوەکو دەچووە بن زەریای ڕۆح و فیکری خۆی و مرواری و مەرجانی دەچنییەوە، ئەوسا بێ کەشوفش پێشکەشی دەکردین. بە ئەمەکەوە دەیڵێم بۆ هەمیشە وەك قوتابییەکی شەرمن بە تاسەوە حەزم بوو لێوەی فێر بم. ئازاد ڕێزی هەر وشەیەکی دەگرت، چ بە زار و چ بە نووسین، بۆ هیچ خواستێك و تەماعێك و ئیگۆیەکی هەڵئاوساو ئامادە نەبوو یەك پیت بە فیڕۆ بدات، ئەم مامەڵەی ئەڵماسی لە تەك وشەکانی خۆیدا دەکرد.

بێگومان ئەم عاشقە ژیان بوو، بەڵام دەیزانی بەختەوەری وا دەنێو شتە سادەکاندایە، ئاسوودەگی خۆ قورتارکردنە لە پێویستییە پووچەکانی دونیا کە بێجگە لە ئازاد هەمووان شەڕی بۆ دەکەن و زۆرینە خۆی بۆ دەفرۆشن.. ئەم هەڵگری مانای ناوی خۆی بوو کە بە هەق ئازا و ئازاد بوو..زێدە سەربەست و بێباك لە هەڵپەی شێتانە بۆ تەماعەکانی دونیا، ئەم سۆفییەکی هاوچەرخ بوو، من چاك ئاگاداری ئەوە بووم کە مرۆڤخۆرەکانی کوردستان بە درێژایی ئەو بیست و سێ ساڵە ماڵ و سامانی (هاروون و قاروون)یان پێبدەبەخشی، کەچی هەمووان دەزانن، چ دۆست بن و چ دوژمن، کە ئازاد سەری نەوی نەکرد، زاتێکی سەرکەش بوو.. ئەم هەتا بەخششی دۆستە هەرە نزیکەکانی خۆی ڕەت کردەوە. ئەم وابوو.. عیسای مەسیح واتەنی: بە چی دەچێت کە هەموو دونیا ببەیتەوە، کەچی نرخەکەی دۆڕانی خۆت بێت؟

ئەم تەمەنی خۆی داگیرساند و نەچووە بەر ئاگردانی نامەردان.. ئەم کەلاوەنشینی هەڵبژارد و بە قەرز نەچووە کۆشکی گەورەکان، لەوەشدا تەنیا نەبوو، بەشێکی جوانییەکانیش (خاتوو سوعاد)ی هاودەم و هاوژین و هاوخەمی لە تەك (سوبحی)دا بەشیان دەکرد، ئەو خانمە زێدە زیبا و دلگەشە هیچی نەبوو بێجگە لە دڵێکی گەورە و دەریا ئاسا و دە پەنجەی دەستەکانی کە شەوان وەك دە مۆم دایدەگیرساندن تاوەکو ئازاد دەرەقەت بێت لە ژێر ڕۆشنایی چرای چاوانی ئەو خاتوونە غەمینەدا خەمەکانی بنووسێتەوە.. خاتوو سوعاد ژنێك بوو لە شێوەی چلچرای هەمیشە ڕۆشن.. بۆ هەمیشە نیگارێك لە خەندەلێو.

لە دوا دیدارمدا لە تەك (ئازۆ)دا خەندەیەکی خوێناوی بەسەر لێوییەوە بوو، کە دەمویست گڕی بدەم بۆ مانەوە لەم ژیانەی کە بە زیندوێتی چاوان هەموومانی کوشتووە، وتم ( ئازۆ ) منیش وەك تۆ تووڕە و غەمینم، بەس هیچ نەبێت بمێنە.. زۆرن کە تۆیان خۆشدەوێت.. چەندە پووچ بووبێت زیندەگی ئێمە.. چەندە دونیایەکی دوونی و درۆ بێت.. هەقە بۆ جوانییەکانی سوعاد و خۆشەویستی هەمیشە داگیرساوی ئەم تۆ بمێنیت، بە قەهرەوە، بەڵام بە ڕۆحێکی جەنگاوەرانەوە کە چاوی لە چاوی مەرگ بڕیبێت و نەترسێت، گوتی: شێرۆ..هەر هەموومان لەم ژیانەدا مەرگێك قەرزارین..!

من پێموت.. بەڵام تۆش دەزانیت کە سەگێکی زیندوو هێشتا جوانترە لە شێرێکی مردوو.. وانییە؟

گوتی: بەڵام سەگبوونیش هیچ جوانییەکی تێدا نییە کە هەموو ژیانی وەڕین و کلکەلەقێ و چاوەڕوانی لەتێك نان و پاسکردنی دەرگای خاوەنەکەی بێت..

هەزار حەیف و موخابن.. لەو دوو شیعرەی کە لای من وەك پایزنامەی تەمەنی خەزانئاسای بوو، ژیان ببوو بە ( تابلۆیەکی بەتاڵ ) و ناتەواو، خۆیشی ببوو بە (درەختێك لە بەرد).. بۆچی بەردین؟ چونکە کەمترین کەس گەڵا و گوڵ و میوە شیرینەکانی ئەو درەختەی بینی، ئەم دەمێك بوو لەو گەڵارێزانە ڕادەما

و له ناو شیعرەکانیدا به جیا له مەرگ و هەڵوەرینی هەر گەڵایەك ڕادەما و  له ڕووتبوونەوەی درەختەکانی دەڕوانی ئاسوودە بوو کە سروشت ئازاد و ئازاترە له ئێمە کە خۆی ڕووت و قووت دەکاتەوە تا بیسەلمێنێت کە هەقیقەت تەنها ئەوسا جوانترە کە لاسایی سروشت بکاتەوە.

ئەم لەسەر ڕێگاکە وەستابوو.. پێشبینی سەفەرێکی ئەبەدی دەکرد، به تەنیا، تەنیا..هەمیشه تەنیا.. چ له ژیان و چ له سەفەر و چ له مەرگدا. مەرگی (ئازۆ) لەوێدا وەڵامێك بوو بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی ئێمە کە زاتمان نەکرد له هۆشمەندێکی وەك ئەمی بکەین..!

لەو شیعرانەدا ڕێك و ڕەوان گۆرانییەکی غەمناك و بریندار بۆ ماڵئاوایی خۆی دەچڕێت.. پتر ئەو هەستەی دامێ کە بۆ سەفەرێك دەچێت و دەگەڕێتەوە، سەرێك له بەهەشتی پەژموردە و چۆل دەدات و به ناو دۆزەخی ئاوەداندا دەگەڕێت و دەپشکنێت و پرسیار له دۆزەخنشینان دەکات و به زمانی ئاگرینی خۆی دەیاندوێنێت تەنها بۆ ئەوەی کە هاتەوە وەڵامێکی  بۆ ئێمه پێبێت، وەڵامێکی زۆر کورت: کە دۆزەخ هیچ نەبوو بێجگه له نمایش و لاساییکردنەوەی ئەو دۆزەخە ڕاستەقینەیەی سەر ئەم بستە خاکەی خۆمان کە به درێژایی سەدەکان هەموومانی سووتاندووە، وەك پێغمەبەرێکی دەم به هاوار بێدارمان بکاتەوە کە جەهەننەمەکەی خۆمان گەلێك له دۆزەخەکانی خوداوەندەکان کوشندەترە..مژدە بدات و بڵێت: ئاخر ناکرێت مرۆڤ دوو جاران بسووتێت!

ئەم وەك عیسایەکی تەنیا خاچی خۆی به کۆڵەوە بوو، هەرگیز لەو خاچە دانەبەزی و تا هەنووکەش خوێنبارانە..!

لەوە دەچوو له چاوی ئەمدا ژیان لەوە ناشیرینتر و بێزەوەرتر بووبێت کە بەو ڕۆحە منداڵ ئاسایەی بەرگەی بگرێت، یان خەونەکانی کە نەهاتبنه دی: زۆر لەوە گەورەتر بووبن کە خودی زیندەگی بتوانێت له ناو خۆیدا جێگەیان بۆ بکاتەوە، مەرگەساتە کە خەونەکان له خودی ژیان و بوون مەزنتر بن. ئازاد کەمی گوت و کەمی نووسی، گەوهەرسازەکان وان.. بازاڕیان کزە.. خوردە فرۆشان و کۆنەفرۆشان بازاڕیان گەرمە.

خامۆشی و کزۆڵەیی ئەم هەزار و یەك مانا و ڕەنگ و دەنگی دەنواند کە وەك مەتەڵە قورسەکانی ناو ئەفسانەکان تەمەنێکی دەویست تا ڕاز و نیاز و نهێنییەکانی بدرکێنین و تەلیسمەکانی بشکێنین. وەلێ هەمیشه شاگەشکە بوو کە جوانییەکانی دەروبەری خۆی دەبینی، لای ئەم کێشه نەبوو خۆی یان من یان تۆ داهێنەری جوانی و پاکی و خێر و هەق بین، گرنگ ئەوە بوو کەسێك دەستپێشخەری بکات و ئازاد له خۆشیاندا له ئامێزی بگرێت. ئەوی جوانناس و جوانپەرست و جوانهێن شەیدای ئەوەبوو تابلۆکان ڕەنگین

بن، کێ ڕەنگینیان دەکات بابەت نەبوو..ئەم وەك لە دوا شیعریدا لێی دەترسا ببینێ تابلۆیەك بوو کە بەتاڵ بێت. ئەم غەمگینی ئەوەبوو بەتاڵی و پووچی و بۆشایی بمانکوژێت.. ئەم زەندەقی لە مرۆڤە داهۆڵەکان و کلۆرەکان و تاریکەکان چووبوو.

ئاسانە لەو هاوکێشە قورسە تێبگەین کە ئەوی داهێنەر و خودانی جوانی هێزێکی لە بن نەهاتووی هەبوو، ئەم ئەگەر بۆ خۆی جۆگەلەیەك بوو لە جوانی، تەنها دڵی بەوە خۆش بوو کە لەتەك جۆگەلەکانی دیکەی وەك خۆیدا دەڕژێنەوە ناو زەریایەك لە جوانی کە لە ناوئاخندا پڕە لە مرواری و مەرجان و گەوهەری یەك دانە. زەریایەکی میهرەبان کە دڵی نایەت کەس بخنکێنێت.. جۆگەلەیەك کە دەبەخشێت و ئاوڕ ناداتەوە کەس سوپاسی بکات.

ئەو پیاوە زۆر مەنگە وەك دەریاچەی سەر ترۆپکی شاخەکان شتێکی لە ناو خۆیدا دەشاردەوە کە ئاسان نەبوو کەس دەستی بگاتێ و بیدۆزێتەوە، مرواری خەمێك، گەوهەری نهێنییەك، مەرجانی عیشقێکی غەمین، یاقووتی قەهری شکستێك، ئەم سەنگینانە لە زەریای عەدەمدا گەمییە ماندووەکەی لێخوڕی و وەك ناخودایەك تەنیا ماڵئاوایی لێکردین، ئێمەی بۆ بەتاڵییەکی سەرمەدی بەجێهێشت.

مەرگی (ئازاد سوبحی) پرۆتێستۆی ژیانێکی نابووت بووە، وەستانێك و نەخێرێك بوو دژی مایەپووچی پاش ڕاپەڕین و سەربەستی ساختە و عەمبارەپۆ.. ڕەتکردنەوەی ژیانێك بوو کە لە گرانەتا دەچوو.. ژیانێك مردەنی و بێ ڕەنگ  کە ئەمی شاعیر چیدیکە بەرگەی نەگرێت. لەوە دەچوو ئازاد ماندووتر بێت لەوەی چیدیکە ڕێبواری ئەم سەفەری بێهوودەگییە بێت، ژیانێك کە لە کارگەکانی خۆیدا مرۆڤ دەهاڕێت، ژیانێك تۆراو و بێزار لە بیچمی خۆی. ئیدی ئەم بڕیاریدا کە پشت لەو زیندەگییە بکات کە پتر جامبازەکانی سیاسەت و ئاخوندە کینەبازەکان و خوێنخۆرەکانی بازاڕ و ڕۆشنبیرە لێبوکەکان و گاڵتەجاڕەکان تیایدا بەختەوەرن.

*<u>پەراوێز:</u> (تابلۆیەکی بەتاڵ ) و ( درەختێك لە بەرد ) دوا دوو شیعری جوانەمەرگ بوون کە لە ( چاودێر ) دا و لەم پایزەدا بڵاوی کردنەوە. سەیرە ئەم کە بێباك بوو لە بڵاوکردنەوە و خۆناساندن بەوانیدیکە، پەرۆشی ئەوە بوو بەر لە مەرگ دوا شیعری خۆی ( درەختێك لە بەرد ) ببینێت، کەچی جوانەمەرگ بوو.. فریا نەکەوت!

(شێرزاد حەسەن)

٢٥-٢٨/١٠/٢٠١٤